ئاگاداری بۆ نوسەران و خوێنەوارانی ئازیزی "کوردستان نێت"

سڵاو و ڕێز بۆ هەموان:

پاش 7 ساڵ کاری بەردەوام و بێ ڕاوەستانمان. وەك یەکەم ماڵپەڕێکی سەربەخۆی کوردی. بۆ یەکەم جار دوو هەفتە پشوو وەردەگرین. دوور لە سەرئێشەی سیاسەت و خوێندنەوە و تازەکردنەوەی کوردستان نێت لەگەڵ منداڵەکانمدا دەچینە گەشتکردن.
واتە لە ڕۆژی 20-7-2005 وە هەموو ئیمایڵەکانی کوردستان نێت لەکاردەکەوێت و تاکو ڕۆژی 8-8-2005 کار ناکات. بۆیە تکا دەکەین لەو ماوەیەدا ئیمایڵ مەنێرن.
هیوادارین ئازیزانمان ئەم پشووەمان پێ ڕەوا ببینن و ئەومافەمان بدەنێ کە بۆ یەکەم جارە لەماوەی 7 ساڵدا پشوود تایبەتی وەردەگرین.
هەروەها ئاگادارتان دەکەینەوە لە ڕۆژی 13-8-2005 کوردستان نێت مۆمی 7 ساڵەی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێت. بەمەش شەش ساڵی کارکردنی بەردەوام دەگوزەرێنێت. بۆ ئەو یاداوەرییە ژمارەیەکی تایبەت دەرەکەین. ئەو ژمارەیە تایبەت دەبێت بە هەڵسەنگاندنی کوردستان نێت لە هەموو ڕووەکانەوە. لێرەوە دوا لە سەرجەم دۆستان و ناحەزانی کوردستان نێت دەکەم بە نوسینەکانییان بەشداری لەو ژمارەیەدا بکەن. ڕەخنەو پێشنیارەکانییانمان بۆمان بنێرن. ئێمەش بەڕێزەوە بڵاویان دەکەینەوە.

عومەر فارس عەزیز بەرپرسی کوردستان نێت.
16-7-2005 0:49
هۆڵەندا